سێ کەس لەنێویاندا دوو کارمەندی سەربازی گیانیان لە دەستدا دوای ئۆتۆمبێلەکەیان کەوتەخوارەوە

دوێنێ شەممە سێ کەس لەنێویاندا دوو کارمەندی سەربازی گیانیان لە دەستدا دوای ئۆتۆمبێلەکەیان لە ناوچەیەکی شاخاوی باشوری فەرەنسا کەوتە خوارەوە.

لە ئێستادا لێکۆڵینەوەکان دەستیپێکردووە بە دیاریکردنی هۆکاری ڕووداوەکە کە لە نزیک گوندی گەنفارن لە باشوری فەرەنسا ڕوویدا.

لێکۆڵەری تاوانەکان گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە بە زانینی هۆکارەکەی، لەم بارەیەوە فەرماندەیی باشووری سوپای فەرەنسا ڕایگەیاند دوو لە قوربانییەکان کارمەندی سەربازی بوون کە لە بنکەی مەشقی هەزی دووەمی هەلیکۆپتەر لە نزیک شوێنی ڕووداوەکە کاریان دەکرد.

پاراستنی شارستانی پێشتر ڕایگەیاند کە سکاڵایەکی پێگەیشتووە سەبارەت بە ڕووداوەکی فڕۆکە کە بووە هۆی ئاگرکوتنەوە لە گیاکانی دەوروبەری کە بەخێرایی ئاگرەکە کوژاوەتەوە، ئاماژەی بەوەشکردووە، فڕۆکەکە بە هاوکاری هەلیکۆپتەری ئاگرکوژێنەوە دەزراونەتەوە.